# فۆرمی سۆناتا لە چەرخی کلاسیك لە نێوان شێوازی (هایدن ومۆتزارت):
# "توێژینەوەیەکی بەراوردکاری شیکارییە"

**ID No. 3137**

(PP 198 - 214)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.6.12

**سیروان محمد مصطفی**

بەشی موزیک- کۆلێژی هونەرەجوانەکان / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

seerwan.mustafa@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2019/08/18**

**پەسندکردن : 2019/10/03**

**بڵاوکردنەوە : 2019/12/05**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ خستنە ڕوو و لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکاریی و تەوژمە هونەرییەی کە لەچەرخی کلاسیکدا هەبووە سەبارەت بە هەمەلایەنی فۆرم وشێوازی مامەلەکردن لەگەڵ ئامێرەکانی ئۆرکێسترا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە. هەروەها بتوانن لەمەدا جیاوازی و بیروبۆچوونی دووهونەرمەندی سەردەمی کلاسیك لەمەڕ فۆرمی سۆناتا تاوتۆیی بکات، دواتر بە شیکارییەکی هونەریی زانستیانە بەراوردێکی تۆکمە بۆ هزری هەردووکیان بخاتە بەر ڕۆشنایی تێگەیشتن، لە چوارچێوەی تیۆریدا گرنگترین خاسیەتەکانی موزیکی کلاسیك باس کراون، دواتر باس لەو موزیکانە کراوە. کە لەو چەرخەدا ڕەچە شکێن بوونە و لە هەموو ئەوروپادا بلاوبوونەتەوە. لە ڕێکارەکانی توێژینەوەدا سەبارەت بە لایەنی تیۆری وپراکتیکی فۆرمی سۆناتاوە و شیکردنەوەی پراکتیزانەی ئەم فۆرمە کراوە و بە کۆمەلێك نموونەی زیندووی سۆناتەکانی هایدن و مۆتزارت بەراوردەکە تێر و تەسەلیی گرنگی بەخۆوە بینیووە، و کاریگەری ئەم فۆرمە موزیکیەش لەسەر کۆی پێکهاتەکانی موزیکی ئەوروپایی لە چاخی کلاسیك ڕوونکراوەتەوە.

لە بەشی کۆتاییشدا دەرەنجامەکان خراوەنە ڕووو، دواتریش توێژەر بە کۆمەلێك پێشنیار وراسپاردە لەگەل دانانی سەرچاوەکان گەیشتۆتە دوا قۆناغەکانی ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەی.

**کلیلی وشەکان:** فۆرم سۆناتا، شێواز، چەرخی کلاسیک، هایدن مۆتزارت.

## 1. پێشەکی:

لەسەردەمی کلاسیکدا جیاوازی کارکردنی هونەری نێوان هایدن و مۆتزارت لە فۆرمی سۆناتا لە ڕووی شیکاری و پێکهاتە سەرەکیەکانی بریتی بوو لەو فۆرمە موزیکیانەی لە نیو ناوەرۆکی بابەتیەکاندا بووە واتا دانراوەکانیان لە ڕووی شێواز پێکهاتە هارمۆنیەکان جیاواز بووە، کە بەشێکی گرنگ لە مێژووی سەردەمی کلاسیک پێکدەهێنێت. هەر بۆیە گرنگیدانی ئەو فۆرمە بەشێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەی لە سەر بونیاتنراوە. و باسکردنی شێواز و فۆرمە موزیکییەکانی ئەو سەردەمە ودواتریش شیکاری بابەتەکان لە ڕووی فۆرمەوە ناوەرۆکێکی فرە قوڵ وچرە. بۆیە داڕشتنی فۆرمێکی موزیکی لەسەر بنەمای ثیمێك واتە بابەتێك دروستدەکرێت. تیۆریزانە رۆژئاواییەکان وا بیردەکەنەوە، کە فۆرمەکان لەسەر بنەمای ثیمەی یەکانی، دووانی، سێیانی و لێکدراو دروستدەکرێن. "دیارە بە گوێرەی ئەو بنەمایانە چوارچێوەی فۆرمەکانی بۆ نموونە :رۆندۆ، سویت، سۆناتە...تاد دروستدەکرێن" (ئازید،2016:ل369). لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین فۆرمی سۆناتا لە دەستپێکدا لە بیرۆکەی گۆرانی هاتووە، بەڵام لە دواییدا وەکو فۆرمێکی سەربەخۆ خۆی چەسپاندوە. هەر بۆیە گرنگیدان بەم فۆرمە بەشێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەسەر مێژووی دروست بوونی فۆرمی سۆناتا لە چەرخی کلاسیك لە نێوان شێوازی (هایدن و مۆتزارت).

## 2.گرفتی توێژینەوە:

خوێندنی تیۆری بابەتەکانی مێژووی موزیك وتیۆرەکانی موزیك لە قۆناغە جیا جیاکانی پەیمانگە وکۆلێژەکانی هونەر لە هەرێمی کوردستان فێرخواز لەو بابەتانەدا ناتوانێت بەشێوازێکی پراکتیزیانە بچێتە نێو بنچ وبناوانی فۆرمە موزیکیەکان و هەروەها ناتوانێت پێکهاتە سەرەکیەکانی فۆرمی (سۆناتە- سەمفۆنیا - کۆنشێرتۆ) و بابەتەکانی تر فەراهەم بکات، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا دەیەوێ نموونەیەکی گرنگی پێکهاتەی موزیکی سەردەمی کلاسیك وەربگرێت ئەویش (فۆرمی سۆناتە) یەو بەشێوەیەکی شیکاری -

پراكتیكی بەراوردێكی، زانستیانەی هونەریی هایدن ومۆتزارت دوو كەڵە هونەرمەندی گەورەی چەرخی كلاسیك بكاتە پێوەری پێشكەوتنی موزیكی ئەو چەرخە و ئەو شیكار و پراكتیزە كردنەش ببێتە تەواوكەری خوێندنی ئەكادیمی ئەو بابەتە هونەرییانەی كە فێرخواز دەگەییەنێتە ئاستی بە ئەكادیمی بوونی بواری ژەنین و رۆشنبیری و تێگەیشتنی هونەرییانەی بۆ بابەتەكان.

**٣. گرنگی توێژینەوە:**

1- ناسینەوە وناساندنی سەردەمی موزیكی كلاسیك بەگشتی وفۆرمی سۆناتە بەتایبەتی بۆ ئەوەی ببێتە پێگەیەك بۆ دیاریكردنی قۆناغەكانی پێشكەوتنی هونەری ئەو سەردەمە كە گرنگییەكی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ ناساندنی شێواز وتایبەتمەندی ژەنین لەم چەرخەدا.

2- دەركەوتنی شێوازی سۆناتەی دراما ئامێز كە پشت دەبەستێت بە دوو ئاوازی سەرەكی دەبەستێت كە دانەران پێشكەشیان كردووە لەماوەی سێ بەشە سەرەكییەكەی سۆناتا، كە بریتین لە (نمایش كردن exposition - فراوانكردن یا گەشەسەندن Development- دووبارە كردنەوەی نمایش كردن recapitulation & Re-exposition)

**٤. ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە

دەرخستنی فۆرمی سۆناتە لە چەرخی كلاسیك لە نێوان شێوازی (هایدن ومۆتزارت) بەشێوازێكی بەراوردكاری پراكتیكی دوو دانراوی بۆتەی سۆناتەی هەردوو موزیسیانی ناوبراو.

**٥. سنووری توێژینەوە:**

سنووری شوێن : سەردەمی كلاسیك .

سنووری كاتی : 1740ز - 1800ز

سنووری بابەتی: موزیكی چاخی كلاسیك بەتایبەت دانراوەكانی هایدن جووڵەی یەكەمی سۆناتەی پیانۆ دۆ مێجەر Haydn-Piano_Sonate_No48-XVI35-Kohler ودانراوەكانی مۆتزارت جوولەی یەكەمی سۆناتەی پیانۆ دۆ مێجەر. movment Mozart's (Piano Sonata in C Major, K. 545).

**٦. دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوە:**

**1 . فۆرم (بۆتە):**

واتای جیاوازی هەیە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی بە مەبەستی شێواز وشێوە دێت (ئازید،2016:ل283). بەگشتی ئەو پارچە موزیكانە دەگرێتەوە، كە لەسەر بنەماو رێزمانێكی موزیكی دیاریكراو دەنوسرێت. یان بە بنیادنانی هەر كارێكی موزیكی دەوترێت فۆرم(بۆتە). لێرەدا موزیككار دەبێت پەیوەست بێت بەو بنەماو ڕێزمانە موزیكییانەوە وەك یەكەو ڕەگەزەكانی بنیادنانی فۆرمە موزیكییكان، كە سەرجەمی فۆرمەكان دەگرێتەوە(فەرەج، 2005:ل23).

**2 . سۆناتە:**

- سۆناتە(sonata) لە (سۆناریَ)ی (sonare) لاتینییەوە هاتووە بەواتای دەنگ دێت. بیروڕاش هەیە دەڵێن لە(سوۆناریَ)ی (suonare) ئیتالییەوە هاتووە بە واتای ئامێر ژەنین دێت(ئازید،2016:ل369). سۆناتە یەكێكە لە بنەما و رێسا گرنگەكانی داڕشتنی موزیكی، كە زۆر لە بۆتە موزیكییەكان لە دارشتن وبنیادنانییدا بە شێوەیەكی بەرچاو، پشت بە بۆتەی سۆناتە دەبەستن (فەرەج، 2005:ل163).

**3 . چەرخی كلاسیك:**

- كلاسیزم لە نێوان ساڵانی(1770-1830) بزوتنەوەیەكی هونەری و ووێژەیی یە، كە پێشنیاری لاسایی كردنەوەی مۆدێلەكانی گرێك ولاتین دەكات. لە مێژووی موزیكدا ئەو ماوەیەی دەكەێتە نێوان كۆتایی سەردەمی بارۆك وسەرەتای سەردەمی رۆمانتیكەوە پێی دەوترێت كلاسیك. هەتا رادەیەك ساڵی دەستپێكردنی 1760 وكۆتاییەكەی دەوروبەری 1830* دەگرێتەوە( یاسین،2002:ل163).

*ماوەیەكی كورت هەیە لە نێوان سەردەمی بارۆك وسەرەتای سەردەمی كلاسیكدا پێی دەوترێت رۆكۆكۆ Roccoco.

4 . **شێواز:**

- زاراوەی شێواز بۆ یەکەمجار لە ئەدەب رەخنەی رۆمانەکاندا سەری هە لدا , وەك دەربرینێکی مەجازی بۆ تایبەتمەندییەکانی بنیات نانی زمانەوانی بەرهەمی نووسەران وشاعیران بەکارهاتووە. لەو سەردەمەدا وشەی (style) ناوی ئامرازێکی نوسین بووە، کە بریتی بووە لە پارچە دارێکی گەورە کە بۆ نوسین بەکاردەهێنرا.

- لە رووی هونەرییەوە مەبەست لەو بنەما سەرەکیانەیە، کە لە هونەری موزیکدا ڕۆڵێکی باڵا لە بنیاتنانی چەشنێکی تایبەت دەگێڕن وبریتیشن لە( میلۆدی Melody، ریتم Rhythm، هارمۆنیHarmmony، داینەمیکی موزیك Dynamics، فۆرم(بۆتە)Form ....هتد(قەرەداغی،2010:ل441).

5 . **هایدن: "فرانز جۆزیف هایدن ( Franz Joseph Haydn)**

- هەلکەوتووترین موزیکزانی نەمساوی وپارێزگاری جیهانی موزیکی ڤێننا بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ فرانز جۆزیف هایدن بوو. لەخێزانێکی ئاسایی شارۆچکەی "رۆراو" (Rohrau) لە ساڵی 1732 دا لە دایك بووە"(یاسین،2002:ل11). لە ساڵی 1772 شەش چوارینەی (Op.20)ی گرنگ دەنووسێ. هایدن دادەنرێت بە دامەزرێنەری سەمفۆنیا لەچوارچێوەی هونەرێکی نوێدا. کە لە وانە 104 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان دوانزەی کۆتاییە بەناوی- لەندەن، هایدن لە ساڵی 1809 لە ڤیەنا کۆچی دوایی کردوە.( قەرەداغی،2008:ل170-171 )

6 . **مۆتزارت: وڵفگان ئەمادیۆس مۆتزارت (Wolfgang Amadeus Mozart)**

- لە ساڵی (1756/1/27) لە شاری سالسبۆرگ(Salzbuerg)ی نەمسا لە دایك بووە.(محەمەد،2010:ل95). لە بنەماڵەیەکی هونەری موزیکی گەورە دەبێت، باوکی ئامێری ڤیۆلینی ژەنیوە. مۆتزارت هەر لە تەمەنی منالّییەوە فێری لێدانی چیمبەلۆ دەبێ، هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە چەندین سیمفۆنیای دەنوسێتەوە.ئەو گەشتانەی کردووە لە نێوان ئەلمنیا وئیتالیا بووە. لە ساڵی (1791/12/5)دا شەو درەنگانێك چرای ڕووناکی ئەم موزیك زانە بلیمەتە لە تەمەنی 35 ساڵی دا دەکوژێتەوە وگیانی بە یەزدان دەسپێری(یاسین،2002:ل79).

7. سەردەمی موزیکی کلاسیك لە مێژوودا:

موزیک لە سەردەمی کلاسیکدا دەوروبەری ناوەراستی سەدەی هەژدەهەم تا کۆتایی سەدەکە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، چەمکی تێگەیشتن زۆر گۆرانکاری بەسەر دادێت. "چونکە ئەو سەردەمە شێوازێکی چڕ هەبووە لە سەردەمێکی دیاری کراودا لە سیمفۆنیای کلاسیک ڕووی کردۆتە فۆرمی سۆناتای ئامێری بۆ ئۆرکێسترا لە جیاتی (پیانۆ وهارپسیکۆرد)، هەروەها چوارینەی ژێداریش هەمان رێچکەی گرت لە فۆرمی سۆناتا لە سەر دەستی (سکارلاتی وکارڵ فیلیپ ئیمانوئێل باخ) وەگەشەی سەند"(السیسي،١٩٨١:ل162). فۆرمی سۆناتا لە سەر دەستی (هایدن و موتزارت و بێتهۆڤن) گەیشتە بەرزترین لوتکە، کاریگەری لە سەر فۆرمە کلاسیکیەکان هەبووە کە بریتی بوو لە پێشکەوتنی شێوازەکانی ئەداکردن بە توانستە نوێ خوازەکان لە گوزارشتکردن لە ڕووی(بەهێزی وبێ هێزی وتیمپۆ).

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی تری ئەم سەردەمەی موزیک، بەرەو سادەیی دەچوو و ئەو سەردەمە بە بزووتنەوەی هونەری موزیکی دادەنرا، کە بووە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی باری ئابوری وکۆمەڵایەتی. "زۆر کەس دەپرسن لەو مانا ومەبەستەی موزیکی کلاسیکی چی یە؟ ئەم ووشە لاتینیە (کلاسیکوس) بەواتای چینە باشەکەی کۆمەڵگا دێت (حافظ، 1986: ل204 ). ئەو سەردەمە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وگرنگترین سەردەمی موزیك، لەو سەردەمە هونەرمەند ئازاد بووە ( یاسین )[1].

وشەی کلاسیکی لە ووشەی (Class) هاتووە واتە ژووری خوێندن وناوی موزیکی کلاسیکی لە داهێنانەکاندا هاتووە لەو سەردەمەدا بووە بنەمای فێرکردنی ژەنین ودەربڕین، زانستەکانی موزیك بەشێوەیەکی گشتی گەیشتە ئەو پەڕی جوانی ودروستی موزیکی. یەکێ لە هەڵە باوەکان ئەوەیە کە ناوی موزیکی کلاسیکی بدرێتە پاڵ هەر مووزیکێك کە بۆ ئۆرکسترای سمیفۆنی داندرابێ جا ئەگەر داهێنانەکەی پێشتر یان دواتر نووسرابێتەوە بۆ ئەو سەردەمە چونکە مرۆڤی ئاسایی و هەندێ لە ڕۆشنبیران وشەی کلاسیکی بۆ ئەو هەموو کارە ئەدەبی وهونەریانەی کە خۆڕاگرن بەرامبەر زەمان ناو دەبەن ( الشوان، 1979: ل 15 ).

جگە لەوەی ئەو سەردەمەی کە بە (کلاسیسیزم) یان(کلاسیك) ناسراوە میلۆدی بە جۆش و خرۆش بە گوێیان لەسەر شێوەی میلۆدی گۆرانی دەڕازاندەوە بۆ ئەوەی دوور بێت لەو میلۆدییە زەخرەفیانەی (سەردەمی بارۆك) کە ڕستە موزیکیەکانیان قورس و گران بوون بۆ گوێچکەی بیسەر( یاسین، 2002:ل 34).

---

1- بەرزان یاسین:وانەی مێژووی موزیک لە رێکەوتی، 14/ 10 / 2010.

گەشە کردن و فراوان بوونی موزيك لە سەردەمی کلاسيکدا زياتر لايەنی موزيکی ئامێری گرتۆتەوە. لەم سەدەمەدا زۆرينەی ئامێرەکان لە بواری تەکنيکيدا پێشکەوتنێکی رادەبەدەر بە دەست دەهێنن(هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل174 ).

"کەواتە دەکرێ بڵێين هەندێ بۆچوونی جياواز لە سەر سەرەتای دروست بوونی سەردەمی کلاسيك هەيە، لەمێژووی موزيکدا ئەو ماوەيەی دەکەوێتە نێوان کۆتايی سەردەمی بارۆک وسەرەتای ڕۆمانتيکەوە پێ دەوترێت (کلاسيك) . هەتا ڕادەيەك ساڵی دەستپێکردنی 1760 و کۆتايی يەکەی دەروبەری (1830)2 دەگرێتەوە"( ياسين، 2002: ل163 ).

ئەگەر باس لە لايەنی فەلسەفی بکەين لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە جموجۆڵێکی هزری و فەلسەفی هەبوو ئەو جموجۆڵە فەلسەفيە لە هەموو بەشەکانی زانيندا تێڕوانين و بۆچوونەکانيان و شێوەی بيرکردنەوەيان کۆمەڵگای سەدەی نوێ دەگۆڕن هەڵ و مەرجێکی وا دەخولقێنن بەچاوێکی تری ڕەخنەگرانەوە بڕوانە ئامانجەکانيان، ئەمەش خۆی لە خۆيدا بزووتنەوەيەك بوو بۆ جياکردنەوەی بۆچوون و دەربڕين لە نێوان نەريتی ميللی و پێشکەوتنی زانستدا، يان لەنێوان هەست و دەربڕيندا. "لەنيوەی دووەمی ئەم سەدەيە وکەسانی وەك (کانت وگوۆتی) بە شاکارەکانيان تينيان ئەدا بە مێشکی خەڵك وتواناييان دەخستنە گەڕو هاندەرێکی بەڵگە نەويست بوو بۆ پێش خستنی کۆمەڵگا"( ياسين، 2002:ل 164). تا وای لێهات بەشێك لەو دەسەڵاتانەی لەکەڵێسا بووە وەربگیرێتەوە.

لە ڕووی کۆمەڵايەتيەوە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم گرنگی بە چينی ناوەراست درا و ڕووی لە زياد بوون کرد لە ئەوروپا، لەگەڵ ئەمەش پێويستيەکانی چينی ناوەراست بۆ چێژ وەرگرتن لە موزيک وگۆرانی لە دەرەوەی کەڵێساکان ودوور لە کۆشکی مير وشايەکان چونکە تەنها (چينی بۆرژواز)يەکان بوو. ئەم گۆرانکاريە کۆمەڵايەتيە دەرگای لە بەردەم ئەم ئاڕاستە نوێيانە کردووە بۆ دانانی موزيک، کە وای کرد موزيک دانەرەکان بير وهزريان بگۆرێ بۆ ئەوەی کەمتر پابەند بن بە بابەتە پۆليفۆنەکان لە موزيکەکانياندا( الشوان، 1979: ل151 - 152 ). بەو باتايەی لايەنی ئابوری پاڵنەرێکی بە هێز بووە بۆ پەرەسەندنی چينەکان بۆ پێشخستنی بواری کۆمەڵايەتی و ڕۆشنبيری تاك.

٧. خاسيەتەکانی موزيك لە سەردەمی کلاسيکدا :

هەموو سەردەم، قۆناغێک تايبەتمەندی و خاسيەت و سيمای دياريکراوی خۆی هەيە کە ديار دەکات لە چوار چێوەيەکدا رێک دەخات و ديخاتە روو، سەردەمی کلاسيکش بە کۆمەڵێ خاسيەتيەوە لە رووی رووکار و ناوەرۆکی دەناسرێتەوە بۆيە دەکرێ بڵێين هەندێک لەو خاسيەتانەی ئەوانەن:

1- لەم سەردەمەدا ميلۆدی وهارمۆنی هەمووی هاوشانی سەير دەکرێن وپەيوەنديەکی بەتين بەيەکانيەوە دەبەستێتەوە( هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل 155).
2- پێشکەوتنی ئامێرە موزيکيە تەختەيی ومسيەکان گەيشتن بەو شێوەيەی ئێستا هەيە.
3- گرنگيەکی زۆر بە ئامێری پيانۆ درا دوای ئەوەی کە ئاشکرا توانايەکی زۆری هەيە لە دەرکردنی دەنگ بەشێوەی ليرکی بە نەرمی بە بەکارهێنانی پێداڵ کە پێشتر بەکارنەهاتبوو. ( فريد، 2000: ل 194- 195 ).
4- گەشەکردن وفراوان بوونی موزيك لەسەردەمی کلاسيك زياتر بۆ موزيکی ئامێری بوون، زۆربەی ئامێرەکان لە بواری تەکنيکيدا پێشکەوتنێکی لە ڕادەبەدەر بەدەست دەهێنن.( ياسين، 2002:ل 174).
5- "ئەداء و ديناميکی موزيك پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بينی لە ژێر سێبەری بەکارهێنانی پيانۆ(P) وفۆرتی(F)و > < ...هتد. (فريد، 2011: ل 2 ) هەروەها ( ياسين، 2002: ل 34) دەڵێت: لە سالانی (1700) هەندێك نيشانەی نوێ دانران وەکو بەکارهێنانی (کرێشندۆ - ديکرێشندۆ) (crescendo , decrescendo) يان پيانۆ وفۆرتێ دەنگەکان بۆ دەستنيشانکردنی ويست ودەربڕينەکانيان .
6- دەرکەوتنی ئاهەنگی موزيکی لە دەرەوەی کۆشکەکان وکەڵێساکان وکۆنشێرتۆی تاکژەنی بە هاوکاريکردنی ئۆرکێسترا وای لێهات کە ببێت بە پلەی يەکەم لە جياتی کۆنشێرتۆ گرۆسۆ لەسەردەمی بارۆك"(فريد، 2011:ل 3).
7- چنينی هۆمۆفۆنی3(النسيج الهوموفونی) زاڵ بووە لە سەر زۆربەی دانراوەکانی ئەم سەردەمە.

2- ماوەيەکی کورت هەيە لەنێوان سەردەمی بەرۆك و سەرەتا سەردەمی کلاسيکدا پێی دەوترێت رۆکۆکۆ (reccoco) رۆکۆکۆ (reccoco): واتە قۆناغێکی بچکۆڵەيە کە هەندێ گۆرانکاری تيا کراوە کەلەساڵی( 1700 - 1750 ) بووە، وە رۆکۆکۆ تەواو کەری بەرۆك بوو بەڵام رۆکۆکۆ پەيوەست بوو بەزێدە رۆی کردن لەنەخشاندن و جوانکاری کەگوزارشتی بەهێزتر و کاريگەرتر بوو کە لەلايەن بۆرجوازيەکان پەسند بوو.

8- لەم سەردەمەدا فۆرمی سیمفۆنیا لە دایک بوو لەگەڵ پێشکەوتنی فۆرمی سۆناتا و کۆنشێرتۆ و ئۆپێرا و چوارینەی ژێداری(السیسی، ١٩٨١:ل١٨٨).
9- دیاریکردنی ژمارەی ژەنیاران لە ئۆرکێسترادا.
10- دیاریکردنی جۆری ئامێرەکان لە ئۆرکێسترادا.
11- ئاسانی وسادەیی وساکاری لە پێکهاتەکانی ئاوازدا.
12- هایدن و مۆتزارت و بێتهۆڤن دادەنرێن بە دانانی بنەما بنچینەییەکانی موزیکی کلاسیك کە ئێستا ناودەنرێن بە کلاسیکە ڤێننایییەکان.
13- لەسەردەمی کلاسیکدا فۆڕمی سیمفۆنی وەکو دانراوێکی پوختە وتەواو دەناسرا، داهێنانی ئەم فۆڕمە موزیکیە (سیمفۆنی) زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ دەست پێشخەرەکانی (جۆزیف هایدن) لەم سەردەمەدا.
14- ئامێری پیانۆ جێی ئامێری هاربسێکۆردی گرتەوە.
15- گەورەکردنی ئۆرکێسترا بە ئامێری نوێ وپتەو کردن وزیاد کردنی ئامێرە ژێدارەکان( ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنیراباس) و گرنگی دان بە ئامێرە فودارەکان لە ناو ئۆرکێسترادا ڕەنگیکی تر دەدەنە ئەم سەردەمە.
16- دەرکەوتنی شێوازی سۆناتەی درامای ئامێز کە پشت دەبەستێت بە دوو ئاوازی سەرەکی کە دانەر پێشکەشیان دەکات لەماوەی سێ بەش کە (نمایش - فراوانکردن - نمایش کردنەوە)یە.
17- پێشکەوتنی دانراوی کۆنشێرتۆی تاکی لەسەر دەستی دانەری موزیکی نەمساوی (مۆتزارت)بووە.
18- دانراوە سیمفۆنیەکان ڕۆشەن و جێگیر بوو لەسەردەستی دانەری موزیکی نەمساوی فرانز جۆزیف هایدن کە بە(باوکی سیمفۆنیا) ناسراوە.

8. گرنگترین دانراوە موزیکیەکان :

لەم سەردەمدا گرنگیییەکی بەرچاو درایە دانراوە موزیکییەکان ئەمانەن:

1- دانراوەکانی سۆناتە:(دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن مۆتزارت سۆناتەی Piano Sonata No. 14 in C minor <<https://en.wikipedia.org/wiki/C_minor>, K457 <https://en.wikipedia.org/wiki/K%C3%B6chel_catalogue).

2- دانراوەکانی موزیکی ژوور:(دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن هایدن تریۆی چوارینەی Klaviertrio C-Dur / Piano Trio in C major (Hob. XV:27)).

3- دانراوەکانی کۆنشێرتۆی تاکژەن (دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن مۆتزارت کۆنشێرتۆ بۆ ئامێری پیانۆ Piano Concerto No. 21, K.467).

4- دانراوەکانی سیمفۆنیە:(دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لەلایەن مۆتزارت کە گرنگترین سیمفۆنیەی ژمارە 41 جۆپیتەر Symphony No. 41 in C, K. 551 (Jupiter) ).

5- دانراوەکانی ئۆپێرا:(دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن هایدن لە ساڵی 1772 (٦) شەش چوارینەی (Op.20**) گرنگ دەنووسێ).

6- دانراوەکانی ئۆرۆتۆریۆ:( دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن مۆتزارت لە ساڵی 1767 یەکەم تاقیکردنەوەی موزیکی شانۆیی دەست پێ دەکا، ئەویش ئۆرەتۆریۆیەکە لە سەر شێوەی سینگشپیل***Singspiel).

7- دانراوەکانی کانتاتا: بۆتەیەکی موزیکی ئایینی ئامێزە( دیارترین دانراوی ئەم بۆتەیە لە لایەن کارل فیلیپ ئەمانوێل باخ).

**9.** سۆناتە:

سۆناتە(sonata) لە سۆناریێ (sonare) لاتینییەوە هاتووە واتە دەنگ، بیروڕاش هەیە کە دەڵێن لە سووۆناریێ (suonare) ئیتالییەوە هاتووە واتە ئامێرژەنین.

---

[3]- ئۆمۆفۆنی یان هۆمۆفۆنی( Homophonie) : بۆ ووتنی یان لێدانی مێلۆدییەك بە چەند دەنگی مرۆڤێك یان چەند ئامێرێك دەووترێت کە هەموویان لەیەك جێگاوە لێی دەدەن وەکو یەکتری ولەسەر یەك هێڵی مێلۆدی ، یان دوو ئۆکتاڤی جیاوازدا . نموونەی ئەمەش وەکو باوە لەموزیکی رۆژهەڵات. ئۆمۆفۆنی یان هۆمۆفۆنی : بەمانای یەك دەنگی دێت( یاسین، 2002:ل 233).

** ئیش – کار – Op. =Opera

*** جۆرێکە لە ئۆپێرای شانۆیی کە بەکار دەهێنرا لەو ناوچانەی ڕەگەز ئەڵمان بوون. پێکهاتووە لە تێکەڵ کردن وگونجاندنی گۆرانی ونواندن لەگەڵ گێرانەوەی ڕووداوەکان بە قسە(یاسین،٢٠٠٢:ل٢٢٩).

"پێش دروست بوونی موزیکی ئامێری، دەنگبێژ هەبووە پێی وتراوە کانتاتا(Cantata)، تا سەدەی شازدەهەم فۆرمەکانی موزیکی ئامێری تەنیا لە سەر بنەمای گۆرانیە دەنگبێژییەکان دادەمەزران، بەڵام لە پاش ئەو سەردەمدا فۆرمی موزیکی ئامێری لە دایکبوو، هەر لەو سەردەمەدا فۆرمی سۆناڕێ واتە ژەنینی تەنیا موزیکی دەستپێکرد وبیرۆکەی سۆناتە سەری هەڵدا، وەکو ئاماژەی پێکرا کە بیرۆکەی سۆناتا لە دەسپێکدا بە واتای ئەوە دەهات کە موزیك بۆ ژەنین نەک بۆ گۆرانیبێژ، بەلام لە دوییدا وەکو فۆرمێکی سەربەخۆ خۆی چەسپاند"( ئازید،2016:ل368).

دەکرێ بڵێین لە سەدەی هەژدەهەمدا فۆرمی سۆناتا هەمان گرنگی فۆرمی(فووگە)4ی هەیە بە تایبەتی لە بەشی یەکەمی، فۆرمی سۆناتە بە فۆرمێکی سەرەکی دەژمێرێت، کە هەموو پارچە موزیکەکان بەیەك دەبەستێتەوە.

لەدەستپێکی سەدەی هەڤدە تا هەژدە فۆرمی سۆناتە بە پێچەوانەی فۆرمی سویت فۆرمێك بوو، کە لە چەند جوڵە درووست دەبوو بە "تایبەتمەندیەکی زۆر سەنگین ودروست، لە دواییدا سۆناتەی کامیرەیی واتە سۆناتەی ژوور و سۆناتەی کلیسەیی هاتە ئەنجام، بەلام ئەمەشمان لە یاد بێ لەو سەردەمدا جیاوازێیکی ئەوتۆ لە نێوان سۆناتە و سویتدا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو جوڵە موزیکیە دانسقانەی کە لە سویتدا هەبوونیان هەبوو لە سۆناتەشدا وەکو جوڵەیەك خویان نمایش دەکرد، بۆ نموونە فۆرمی مەنوێت و تریۆ بوون بە جوڵە وبەشەکانی فۆرمی سۆناتە"( ئازید،2016:ل368).

دەکرێ بڵێین فۆرمی سۆناتە لە ڕووی ناوەرۆك وپێکهاتەوە بریتییە لە فۆرمێکی موزیکی فراوان لە ناوەرۆکی چوار جوولەی موزیکیدا، کە داڕشتنێکی موزیکی چڕ لە پشتیەوە دەبێت، وئاواز ومیلۆدییەکان بەردەوام شۆر دەبنەوە نێو مەقام وپەیژە موزیکییە هەمە چەشنەکان( فەرەج،2005:ل164).

10. فۆرمی سۆناتە لە سەردەمی کلاسیك:

١- جوڵەی یەکەم، لە فۆرمی سۆناتە بە ڤیمپۆی ئەلێگرۆAllegro.

2- جوڵەی دووەم، جوڵەیەکی خاو کە بە ڤیمپۆی ئەندانتێ Andante، ئەداجۆAdagio یان لارگۆ Largo دەبێت، هەندێ جار بە فۆرمی مەنوێت minuet یان ڤیمی Theme ڤاریاچیۆن واتە بابەتی جۆراوجۆر دادەڕێژرێت.

3- جوڵەی سێیەم، زیاتر لە فۆرمی رۆندۆ Rondo یان مەنوێت minuet دروست دەکرێت، بە ڤیمپۆێکی ئەلێگرۆ یان پرێستۆPresto، زۆر جار ئەو جوڵەیە بە فینالێ واتا کۆتایی دەستنیشان دەکرێت( ئازید،2016:ل369-370).

4- جولەی چوارەم، ئەم جولەیە بەردەوام هەڵگری تیمپۆیەکی فرە خێرا وتیژ ڕەوە، دابەش وجولەی سۆناتەکە دەبێت ( Final Movment) و زیاتر بە فۆرمی موزیکی (رۆندۆ)ی درێژ دادەڕێژرێت( فەرەج،2005:ل170).

11. پێشکەوتن وگەشەسەندنی فۆرمی سۆناتە :

"لە سەردەمی بارۆکدا ئەم فۆرمە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە سەر دەستی (کارل فیلیپ ئەمانوئێل باخ)( Karl Philipp Emanuel Bach )5، دەگەڕێتەوە بۆ (1714-1788) کە کورە گەورەی موزیك زان(یۆهان سپاستیان باخ) بوو زیاتر لە حەفتا کاری سۆناتەی هەبوو بۆ ئامێرەکانی (هارپسیکۆرد، کلاڤیکۆرد، پیانۆ)"(فەرەج،2005:ل163). بەلام بەشێوەیەکی جێگیر لە مێژوودا ژمارەیەکی زۆر لە موزیك زانەکان بەژداریان لە پێشخستنی ئەم شێوازە موزیکیە کردە و گۆڕینی بۆ ئامێری موزیکی تاك ژەنی(المصری، 1998:ل188).

جوولەی یەکەم کە تیایدا لەسێ بەشی سەرەکی پێک دێت:

بەشی یەکەم نمایش کردن. (exposition)

بەشی دووەم فراوان کردن یاخود پەرەپێدان.( Development)

بەشی سێیەم دووبارە کردنەوە.( recapitulation & Re-exposition)

4- فۆرمێکی موزیکی کۆنترەپونتۆیی یە. لەمێژووی وواڵاتانی ڕۆژئاوادا یەکێکە لەو فۆرمانەی کە زۆر گرنگ ودەوڵەمەندە ئەم زاراوەیە هەر لەسەدەی چواردەهەمەوە کەوتۆتە سەر زاری موزیکزانەکان وئەو کاتانە بەکاریان دەهێنا بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر بناغەی لاسایی کردنەوە درۆست بوو بوون، وەتایبەتی لەسەر کانونێ canone ئەمەی دوواییان پێك هاتووە لە تێهەلکێش کردن ودووبارەکردنەوەی ڕستە مێلۆدی یەکان. لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتداو زیاتر لەنیوەی دووەمی ساڵانی 1600 وشێوەیەکی نوێ وجێگیر بەخۆوە دەگرێت( یاسین، 2002:ل203).

[5]- کارل فیلیپ ئەمانوئێل باخ): لەدایك بووی ساڵی (1714) لەشاری (ڤایمار) سێهەمین منداڵی (یۆهنا سباستیان باخ)ـە، لە سەرەتای ژیانی گرنگیدا بە خوێندنی فەلسەفە و یاسا، لەشاری (بیزخ)، هەروەها خوێندنی موزیکیشی دەکرد بەسەر پەرشتی باوکی(المصري، د-ت ، ل189 ).

ئەم ڕێگە نوێیە ناونرا بە (فۆڕمی سۆناتە) یان (فۆرمی جوولەی یەكەم) لە بەر ئەوەی جوولەی یەكەم لەدانراوەكانی شێوازی جۆراوجۆری تێدایە، لە بەشی فراوان كردن پشتی بە ئاوازی نوێ نەدەبەست، كە پیشتر پشتیان پێدەبەست(المصری، د-ت: ل190).

دواتر ئەم فۆرمە لە سەر دەستی هەردوو موزیك زانان(جۆزێف هایدن) و (مۆتزارت) پێشكەوتنێكی فراوانتریان كرد، هایدن توانی بەشێوەیەكی جێگیر بۆ فۆرمی سۆناتە دابرێژێت.

١٢. توێژینەوەكانی پێشوو :

لەكاتی گەران و كۆكردنەوە زانیاری ورد هونەری دەربارەی ئەم لێكۆلینەوەی ئێستا لەبەر دەستدایە كە لەبارەی (فۆرمی سۆناتا لە چەرخی كلاسیك لە نێوان شێوازی (هایدن و مۆتزارت) توێژینەوەیەكی بەراوردكاری شیكارییە. كە لە پێشتر كەم تا زۆر بە شێوەی پچڕ پچڕ لەشوێنی جیا جیا باسی كراوە بەڵام وەك ئەم لێكۆلینەوەیە پوختە نی یە وە بەشێوەیەكی زانستی لێكۆلینەوەی لەسەر نەكرایە.

١٣. فرانز جۆزێف هایدن كەسایەتی وتایبەتمەندی موزیسیانی زیندوو:

Franz Joseph Haydn

(1809-1732)

"هایدن لە بلیمەتەكانی هونەری ئەڵمانی دادەنرێت،( حافظ،1986:ل214) لەساڵی (1732) لە شارۆچكەی ڕۆراو لەدایك بووە"(یاسین،2002:لا11).

ئەم شارۆچكەیە دەكەوێتە سەر سنووری نەمسا و هەنگاریا ونزیكە لە شاری (رۆڕاوRohrau)یووڵاتی نەمسا لە بنەرەتدا شارۆچكەیەكی ئەڵمانی بووە. هایدن لە خێزانێكی ئاسایی گەورە بوو، بەڵام هەمیشە خولیای موزیك بوو، هایدن هەر لە تەمەنی (٩) ساڵیدا توانای موزیک وشێوەی بەشەكانی گۆرانی هەبوو وپەرەی دا بەشێوە وبەشی سۆپرانۆ. هایدن لای موزیكنووسی ئیتالی(نیكۆلا پۆرپۆرەNicola Porpora) دەستی كردووە بە فێر بوونی وانەی موزیک دانان وراهێنانی لە سەر ئامێری هارپسیكۆرد وڤیۆلینی دەكرد(هنری،1980:ل373).

پەیوەندی هایدن بە سۆناتەوە:

هایدن لە كاتی هەست كردن بەوەی كە مرۆڤ توانای خەیاڵ كردنی قوڵی هەیە، ئەویش لە سۆناتەكانی (كارڵ ئەمانوئێل باخ) كە بۆ پیانۆی نوسیبوو، كاتێ خەونەكانی هزری ناوەوەی لە دانراوەكانی دۆزییەوە وبەدەستهێنانی بەشێوەیەكی نەترس، كە بووە هۆی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە سروشتیانەی لە دوای دەگەرا. مەبەستی لەم موزیكە ئەوە نەبوو تەنیا دێرە ئاوازەكانی لە شێوازی قوتابخانەی پۆلیفۆنی ئازاد بكات، بەڵكو وایكرد شێوازەكانی گۆرانی وگوزارشتی شانۆی گۆرانی بۆ ئامێرەكانی موزیكی گواستنەوە كە ئەم ئامێرانە مرۆڤ دروستی كردووە. هایدن دەستنیشانی كارە قورسەكانی ئەم دانراوە موزیكیەی كرد( هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧٦).

"پەیوەندی نێوان هایدن و مۆتزارت یەك زمانی موزیكی كلاسیكیان هەبوو، چونكە لە نێو یەك بارو دۆخ دەژیان لە رووی رۆشنبیری و شارەزایی و ژینگە و زمان و كات و ساتدا"( السیسی،1981:ل228).

هایدن لەساڵی 1790 بۆ یەكەم جار سەفەری لەندەنی كردوە و لەوێ شارەزایی پەیداكردوە لە بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی وچێژ وهەستی هونەریی جەماوەر، كۆمەڵێك سیمفۆنی لە لەندەن و كۆمەڵە موزیكی جۆرا و جۆری نوسیوە.

هایدن و مۆتزارت و بێتهۆڤن بە گەورەترین هێزی بنیاتەری موزیكی سەدەی كلاسیكی ڤیەننا دادەنرێن ،كۆڵەكەی بەهێز بوونی فۆڕم و بنەماكانی موزیك دانان وپایەی ئۆركێستراسیۆن بوون بۆ نەوەی دوای خۆیان لە سەردەمی رۆمانتیكدا. هایدن بە دروستكەری شێوازی تەواوی سیمفۆنی وچوارینەی كلاسیك دادەنرێت(قەرەداغی،2008:ل170).

هایدن دادەنرێت بەیەكەم بە پێشكەوتن كردنی سەمفۆنیا لەچوارچێوەی هونەرێكی نوێدا.

بەناوبانگترین بەرهەمەكانی:

( 104 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان دوانزەی كۆتاییە بەناوی- لەندەن)، (16 ئۆڤەر چور)، ( یەك موزیكی پێشەكی و یەك موزیكی كۆتایی)، ( ئۆراتۆریۆی چوارینەی ژێدارەكان)، ( 4 ئۆراتۆریۆی ئۆركێسترا)، ( 35 سەمای ئەڵمانی)، (8 كۆنشێرتۆ بۆ ڤایۆلین)، ( 5 كۆنشێرتۆ بۆ چێلۆ)، ( 1 كۆنشێرتۆ بۆ كۆنتراباس)، ( 2 كۆنشێرتۆ بۆ گروپی موزیك)،( 1 كۆنشێرتۆ بۆ ترۆمپێت)، ( 5 كۆنشێرتۆ بۆ دوو لیرە)، ( 2 كۆنشێرتۆ بۆ ئۆبوا)، ( 84 چوارینەی ژێدارەكان)، ( 60 سۆناتە بۆ پیانۆ)، ( 31 تریۆ بۆ پیانۆ)، ( 1 ئۆپەرێتی ئەڵمانی)، ( 17 ئۆپرای ئیتالی)، ( 14 مس بۆ سۆلۆ)، ( كۆمەڵێك سرودی ئاینیی)، ( 47 لیدی ئەڵمانی)، ( تریۆی چوارینەی

ئاوازی)، ( نزیکەی 50 کانون بۆ 2 تا 8 دەنگیی)، (داڕشتنی 450 ئاوازی کەلەپوریی ئینگلیزی)، ( دیڤیرتیمینتۆ Divertimento )، ( سیریناد Serenad)، ( تریۆی باریتۆن)، ( تریۆی ژێدارەکان) و ( 20-25 ئۆپرا). هایدن لە ساڵی 1809 لە ڤیەننا کۆچی دوایی کردوە( هەمان سەرچاوەی پێشوو:ل170-171 ).

**١٤. وڵفگان ئەمادیۆس مۆتزارت دانەر وکۆڵەگەی پێکهاتە سەرەکیەکانی سەردەمی کلاسیك:**

Wolfgang Amadeus Mozart

(1791-1756)

"وڵفگان ئەمادیۆس مۆتزارت لە 27ی کانوونی دووەمی ساڵی 1756 لە سالسبۆرگی نەمسا هاتۆتە دونیاوە، واتە شەش ساڵ پاش کۆچی باخ، ئەو شارە جوانە دڵفڕینەی کە دەکەوێتە ترۆپکی کەژاوەی چیاکانی (ئەلپ)ی (نەمسا)وە. مۆتزارت لەمنالیەوە نیشانەی بلیمەتی وپێشەنگی پێوە دیاربوو. لەتەمەنی سێ ساڵیدا هەستی بە ووردترین جیاوازیی نێوان چینە دەنگیەکانی ئامێری پیانۆ وڤیۆلین دەکرد، لە تەمەنی چوار ساڵی باوکی فێری زمانی لاتینیی، ئەڵمانی وماتماتیکی کرد، تەنها پشتی بە خوێندنی باوکی دەبەست وچوونە قوتابخانەی پشتگوێ خست"(هەمان سەرچاوەی پێشوو:ل249).

هەر لەتەمەنی چوار ساڵییەوە دەستی بە ڕاهێنانی ئامێری پیانۆی کردووە، لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە کاری ئاواز دانانی کردوە، کە لەبەردەم شاکانی ئەوروپادا ئەنجامیداوە، لەتەمەنی شەش ساڵیدا بەشداری ئاهەنگەکانی کردووە.مۆتزارت یەکێك بوو لە ئاوازدانەرە چالاکەکان و کارتێکەرەکانی سەردەمی کلاسیك، کە 626 کاری موزیکی داناوە ولە فۆرمەکانی سیمفۆنی، کۆنشێرتۆ، چوارینە، پیانۆ، ئۆپرا. یەکێکە لەو ئاوازدانەرەی کە خاوەنی زۆرترین هۆگرن لە موزیکی کلاسیك. مۆتزارت کاریگەرییەکی زۆر قوڵی لەسەر موزیکی ڕۆژئاوایی دروستکرد، بێتهۆڤن موزیکە سەرەتاییەکانی لەژێر سێبەری مۆتزارت نووسیوە، جۆزێف هایدن لە بارەی مۆتزارتەوە دەڵێت "نەوەکانی داهاتوو لە ماوەی 100 ساڵی داهاتوودا بەهرەمەندێکی لەم شێوەیە بەخۆیەوە نابینێت".

**نەخۆشی وکۆتایی ژیانی:**

مۆتزارت بەدرێژایی ژیانی کێشەی تەندروستی هەبوو، بەدەست هەوکردنی هەردوو لەوزەتێنی دەینالاند ، هەوکردنی سییەکانی هەناسە، هەوکردنی سییەکان وپەتای تیفوئید و ڕۆماتیزوم6. لە پێنجی مانگی دووانزەی 1791 دا شەو درەنگانێك چرای ڕووناکی ئەم موزیکزانە بلیمەتە لە تەمەنی 35 دا دەکوژێتەوە و گیانی بە یەزدان دەسپێرێ(یاسین،2002:ل79).

مۆتزارت لە گۆرستانی هەژارەکاندا لە ساڵی 1971 لە ڤیەننا بە خاك سپێردراوە( قەرەداغی، 2008:ل255).

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(23کاری ئۆپرا)، (41 سیمفۆنیا)، (21 کۆ نشێرتۆ بۆ پیانۆ)، (زیاتر لە 20 سۆناتە بۆ پیانۆ)، (گرنگترین سیمفۆنیەی ژمارە 41 جوبیتر ودۆن جیوڤانی ونای سحرییە).

١٥. ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

شیکاری سۆناتە وەکو بۆتەیەکی موزیکی دیاریکراو وسەربەخۆ:

1 . فۆرمی سۆناتا:

فۆرمی سۆناتا بەرەچەلەک دەستەواژیەکی ئیتالیە لە سەدەی ١٦ ئەم فۆرمە سەری هەڵدا، ئەم فۆڕمە تایبەت بوو بە ئامێرەکان بە تایبەتی ئامێرە ژێدارەکان، وشەی(Sonata) دروست بوو بەرامبەر (Cantata) کە وشەیەکی ئیتالیە لە( Musica da sonare)* هاتووە، واتە موزیك لێدان یاخود موزیکژەنین.

فۆڕمی سۆناتا لە پێش سەردەمی کلاسیک چەندان گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، بەڵام لەسەردەمی کلاسیکدا لەژێر دەستی (هایدن ومۆتزارت) ئەم فۆرمە جێگیر بوو. لە دووەمین بەشی ژیانی (بێتهۆڤن) کە ئەم فۆرمە کرا بە چوار جولە زۆر جار جولەی سێیەم فۆڕمی (دانسە ڤالس) مەنەوێت وتریۆی گۆردرا بۆ(سکێرچۆ – Scherzo).

جوولەی یەکەمی ئەم فۆرمە:

جولەی یەکەم خێرا ** Allegro

---

6- http://ckb.wikipedia.org/wiki لە سایتی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

* لێدراو بە ژەنین / ژەندراوSonata

لێدان = ژەنین بۆ موزیك Musica da sonare


جولەی دووەم   هێواش  Andanate
جولەی سێ یەم      Minuetto
جولەی چوارەم   خێرا   Allegro
هەندێ جار دەبێتە (Allegro moderato) و(Allegro vivace)  بەپێی ویستی دانەرە.
فۆرمی سۆناتا بە دوو جۆر دێتە ئێگەیشتن وئەنجامدان:
١-سۆناتا وەک فۆرمێک دەبێتە جولەیەک لەناو فۆرمی سۆناتا خودی خۆی یان لە ناو فۆرمی دیکە وەکو سیمفۆنیا.
٢- سۆناتا وەکو فۆرمێکو کۆمپوزیسیۆنی سەربەخۆ کە لە چەند جولەیەک پێک دێت( ئازید،2016:ل369).
جولەی یەکەمی فۆرمی سۆناتا ریتمی(Allegro )یە لە سێ بەش پێک دێت




بەشی یەکەم:
( Exposition) نمایشکردن:

ئەم بەشە لە دوو بەشی بچوک پێک دێت ئەویش ثیمی (T.A) وتیمی (T.B) بۆ ئەوەی بەیەکەوە ببەستینەوە ئەبێ پردێك لەنێوانیاندا هەبێ کە پێی دەوترێت (Modulate) (مۆدولانتێ) یاخود بە ناوی (punto modolante)ە واتە پردێك بە پەیژە گۆڕکێ ناو دەبرێت.

ثیمی (T.A) لە (16) بار پێك دێت بەلام دەکرێ (14 - 12 - 8) باریش بێت بەلام ئەو سۆناتانەی دانراوە زۆربەی زۆری لە (16) بار پێك هاتووە. ئەم (16) بارە لە دوو ڕستە بەم دوو ڕستەیە دەوترێت پێریۆد (Period) پێك هاتووە. دوای ثیمی (T.A) (پۆنتی مۆدۆلاند) (P.mod) دێت ئەویش لە ئەویش لە 16 باڕ یان کەمتر یان زیاتر پێکهاتووە. ئەرکی ئەم پردە، گواستنەوەی تۆنالیتی ثیمی یەکەمە، بە هۆی چەند کۆڕدێکی هاوبەشەوە بۆ تۆنالیتی ثیمی دووەمەوە. ئینجا ثیمی (T.B) دێت وە ئەگەر هاتوو ثیمی (T.A) نێر بوو تیمی (T.B) مێ یە*. ثیمی (T.B) بەهەمان شێوەی پێشوو ثیمی(TA) لە (١٦) باڕ یان کەمتر یان زیاتر پێکهاتووە، لە سۆناتەی سەردەمی کلاسیک، بەهۆی ئەم پردەوە، ثیمی (T.A) میلۆدیك یان ریتمێك بێت ئەگەر (CM) بێت ثیمی (T.B) دەبێتە دەنگی (پێنجەم) واتە دەبێتە (دۆمینانت) دەنگی (G) میلۆدیەکە دەست پێ دەکات وپاشان بە(Candeza) کۆتایی دێت ئەمەش بێ گومان لەم دوو ڕستە(Period) دروست دەکات.




بەشی دووەم:
(Development) فراوان کردن یاخود پەرەپێدان


** (Allegro): زاراوەیەکی ئیتالییە بەمانای (دڵ خۆش) وە (Andante) واتە(ڕۆیشتنێکی هێواش) و(Minuetto) فۆڕمێکی (دانسە) و(Scherzo) واتە گاڵتەکردن کە شێوازێکی تەکنیکیە.

* واتە (T.A) ڕستەیەکی ریتمێك بوو (T.B) کارێکتەرەکی ڕستەیەکی میلۆدیك دەبێ وبە پێچەوانەوە ئەگەر واتە (T.A) ڕستەیەکی میلۆدیك بوو (T.B) کارێکتەرەکی ڕستەیەکی ریتمێك دەبێ.

ئەم بەشە بریتییە لەفراوان کردنی ثیمێک لە ثیمەکانی بەشی یەکەم، ئەویش ثیمی (T.A) واتە گەشە بەم ثیمە دەکەین ونزیکەی دوو ئەوەندەی ئەم بارانەیە کە لە (exposition) باسمان کرد فراوان کردنی لە ڕێگەی تەکنیکەوە یاخود لەڕێگەی (Mod) لێرە زیاتر میلۆدیەکە گۆڕانکاری تیا دەکرێت ودێز(#) وبیمۆل (b)** بۆ زیاد دەکرێ دەچێتە پەیژەکانی ترەوە.

فراوان کردن بەشێوەیێکی گشتی لە هەموو سەردەمەکاندا وەکو یەك نەبووە ولە کارێک بۆ کارێکی جیاواز بوونە. دیارە لە سەردەمی کلاسیکدا ئەو بەشەی پەرەپێدان هەندێ جار زۆر کورت ئەنجامدراوە، "بەلام لە سەردەمی ڕۆمانتیکیدا زۆر بایەخی پێ دراوە و درێژ کراوەتەوە، لە کۆتایدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆنالیتەی سەرەکی خۆی بۆ ئامادە بوون و کردنەوەی بۆ نمایشکردنەوە بۆ جاری دووەم (Re-exposition)"( ئازید،2016:ل369-370).

لە پەیژەی DoM دەتوانین بچینە ئەم پەیژانە




بەشی سێیەم:

(Re-exposition) نمایشکردنەوە

VZدووبارەکردنەوەی بەشی یەکەمە، ثیمی (T.A) پاشان (P.mod) وثیمی (T.B)، وجیاوازی یەکەی لەگەڵ بەشی یەکەم ئەوەیە ثیمی (T.B)، لەسەر تۆنالیتی سەرەکی نمایش دەکرێتەوە پاشان کۆتایی پێ دێت بە( coda ) وپاشان (Final).

T.A     CM …………………..
P.mod …………………………
T.B     Cm…………………… coda….. Final




نموونەیک لە تەواوی جولەی بەشی یەکەم[7]

2 . جیاوازی وبەراوردکاری فۆرمی سۆناتا لە نێوان هایدن ومۆتزارت دا:

هەر چەندە هایدن ومۆتزارت لە هەمان سەردەم ژیاون، لەهەمان کاتەدا لێکچونیان هەبووە لە ڕێگەی دەرکەوتنی فۆرمەکانی سۆناتا وموزیکی ژوور و سیمفۆنیا و کۆنشێرتوکانیاندا کە یەک شێواز لە ڕستە موزیکیەکاندا بەدی دەکرا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سروشتی ئەو شوێنەی کە لێی ژیاون، بەڵام سەرەرای ئەو پەیوەندیە هەریەکەیان خەسلەتی تایبەتی خۆیان هەبووە کە جیا دەکرێنەوە لە یەکتری، هایدن پێشەکیەکی خاوی بەکاردەهێنا لە سیمفۆنیەکانی، بەڵام مۆتزارت زۆر بەکەمی یاخود بە دەگمەن ئەم شێوازەی بەکاردەهێنا. "گشت هێماکانی هایدن گوزارشت ودینامیکەکان لەگەڵ خەڵک دەژیان لە سەر بنەمای موزیکیدا، بەڵام هێماکانی لە لایەن مۆتزارتەوە زۆر وورد بوون، هایدن لەرووی ئاواز وڕیتمەکانی زۆر سادە بوون، کە چی بە پێچەوانە مۆتزارت لە ڕووی ئاوازەکانی زیاتر فروانتر بوو هەر وەک چۆن بنەما موزیکیەکانی مۆتزارت دەوڵەمەنتر ومەزنتر بوون"(محجوب،٢٠٠٧:ل٢٢١).

دەکرێ بڵێین پەرینەوەیە لە دەنگی سەرەکی (دەنگی تۆنیك )کەوە بۆ دەنگی دۆمینانت ( دەنگی پێنجەم )، پاشان گەڕانەوە بۆ دەنگی تۆنیك کە کاراکتەر و شێوەی دەربڕینی موزیکی کلاسیك پێکدەهێنێت و گوێگر ڕادەهێنێت لەسەر ئاماژەیەکی دیاریکراو لەچێژی موزیکی. دوای گەیشتن بەو جیاوازیانەی کە بەدی دەکرێن بۆ کارکردن لە ناو فۆرمی سۆناتادا لەلای ئەم سێ کەڵە موزیکنووسە (هایدن، مۆتزارت، بیهۆڤن) گرنگترینیان ئەوەیە کە هایدن زۆر جار لەسۆناتەکانیدا یەك ثیم (بابەت) بەکاردەهێنێت،

** سیستەمی (Tonal) میانەی پێنجی یە کە بە ( # ) وە ئەگەر بۆ خوارەوە بێت بە (b) لەکانە.

7- www musicamisteri.blogspot.com. ئەم خشتەیە باس لەچۆنیەتی دابەشکردنی جولەی یەکەم لەفۆرمی سۆناتە. دەکات .

خۆ ئەگەر هەندێك جار چەند ثیمێکیش بەکاربهێنێت، بەشێوەیەکی گشتی هێما ئەکات بەگۆرینی بەرەو دۆمینانت( دەنگی پێجەم ) بە دووبارەکردنەوەی ثیمی یەکەم لە دارشتنێکی نوێدا.

مۆتزارت نرخدان بە پەرینەوەی بۆ دۆمینانت زۆر جار پێی باشتر بووە بۆ ثیمێکی نوێ دابرێژێت، پاشان دەگەرایەوە هەمان بابەتی سەرەکی خۆی. مۆتزارت وەکو هایدن نەبوو بەپێی یاسای بنەماکان مامەڵەی لەگەڵ فۆرم وموزیك وهارمۆنیدا دەکرد. کە چی هایدن یەکێك لە کارە جیاوازیەکانی ئەوە بوو کاری لەسەر هێما لە ناکاوەکان گوێگر دەکرد، بۆ نموونە(فێرماتا Fermata)، بەڵام مۆتزارت لە کارەکانی پابەند بوو لە سەر بنەماکانی فۆرم. مۆتزارت لە کارە موزیکیەکانی ڕستەی موزیکی ناسك وجوانی هەبوو، کەچی هایدن بەم شێوەیە کاری نە دەکرد. هایدن لە زۆربەی کارە موزیکیەکانی گۆرانکاری لە جێگەیەکی دەکرد کە گوێگر چاوەروانی نەدەکرد میلۆدیەکەی بگۆری لە رووی ئاواز وریتم، ئەو کارە زۆر بە لێهاتووی ئەنجامی دەدا، بەڵام مۆتزارت جەماوەری ڕادەهێنا لەپاش ئەم میلۆدیە چ دێت. بەڵام بێتهۆڤن گەلێك جار چارەیەکی مابەینی هەردووکیان هەڵئەبژێرێت وبەروونی ثیمێکی نوێ دادەرێژێت کە پێکهاتووە لە گۆرنکاریەك لە ثیمی یەکەمدا[8].

3 . شیکردنەوە وبەراوردکاری نێوان هەردوو سۆناتای هایدن ومۆتزارت (جولەی یەکەم):


جولەی یەکەمی سۆناتای پیانۆ (مۆتزارت)

جولەی یەکەمی سۆناتای پیانۆ دۆ مێجەر ژ.٥٤٥ Mozart's Piano Sonata in C Major, K. 545 1movment




بەشی یەکەم:

(Exposition ) نمایشکردن




تێمی T.A لەسکێلی C major لە باری 1 دەست پێدەکات هەتا باری 4.



لە باری (٥- ١٢) پردەکەیە (punto modolante)


8-(Haydn, Mozart, Beethoven, similarities & differences) http://www.musicanthology.org.




لەباری (
واتە دەبێ
دەکات
پێدەکات
لەسکێلی

لەباری (14 – 23) ثیمی(T.B) دەست پێدەکات لەباری 22 جێگیر دەبێ تۆنالیتەکە Fixation یاخود کۆدە Coda دەبێت. لە باری ٢٤،٢٥ بە (Cadenza) کۆتایی لە بەشی یەکەم دێت.






بەشی دووەم:





(Development) فراوان کردن یاخود پەرەپێدان

گۆرانکاری لە باری 32






لەباری ٣٣ - ٣٦ پەیژەکە دروست دەبێ ودەگۆردرێ پەیژەی Dm ماینەر






لەباری ٣٧ - ٤١ پەیژەکە دەگۆرێ بۆ تۆنالیتەی Am ماینەر







بەشی سێیەم:
(Re-exposition) نمایشکردنەوە



لەباری(٤٢) نمایشکردنەوە بە تۆنالیتەی (FM) دەست پێدەکات هەتا باری ٤٥ بەردەوام دەبێ.




لەباری(٤٦ - ٤٩) کە (٣) باری موزیکیە بە پرد ناوزەد دەکرێ وکرۆکی بابەتی سۆناتایە.




لەباری(٥٠) پەیژەکە دەگۆڕێ لە باری (٥٢) دەبێتە تۆنالیتەی CM هەتا (٥٧).




لەباری(٥٨) تۆنالیتە دەگۆڕێ لە باری (٥٩) دەبێتە تێمی ( T.B ) بەڵام لە هەمان تۆنالیتە دەبێت هەتا باری (٦٢)



جولەی یەکەمی سۆناتای پیانۆ (هایدن)

جولەی یەکەمی سۆناتای پیانۆ Haydn-Piano_Sonate_No48-XVI35-Kohler (CM)



بەشی یەکەم:

(Exposition ) نمایشکردن




تێمی T.A لەسکێلی C major لە باری 1 دەست پێدەکات هەتا باری ٢٠.

لە باری (٢١- ٣٧) پردەکەیە
(punto modolante)






لەباری ( 34 ) تۆنالیتە دەچێتە بۆ دەنگی پێنجەم واتە دەبێتە (دۆمینانتە D) ولە دەنگی (G) میلۆدیەکە دەست پێ دەکات ، لەباری 37 لە لا ڤاری تێمی (T.B) لەسکێلی GM ولەباری ٦٦ لە باری دەبی وە لەباری 67 کۆدە جێگیر دەبێت.







بەش دووەم:
(Development) فراوان کردن یاخود پەرەپێدان

لەباری ( 69- 72 ) بەشی فراوان کردنی سۆناتا دەست پێدەکات پەیژەکەش دەگۆڕێ بۆ( CM ) لەباری 73 فێرماتەی(fermata )لەناکاو هەیە کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی لەزۆر بەی سۆناتاکانی هایدن ئەو جۆرە شێوازەی بەکارهێنایە هەتا باری 101






لەباری( ١٠٢) دووبارە فێرماتە ( fermata ) دەبێتەوە بەردەوام دەبێت تا باری ١٠٤.



بەشی سێیەم:

(Re-exposition) نمایشکردنەوە

لەباری105 نمایشکردنەوە دەست پێدەکات بە تۆنالیتەی(CM) ولەباری (113) بەلاڤاری پردەکە دەست پێدەکات (punto modolante) وتۆنالیتەکە دەگۆڕێ بۆ( Cminor ) هەتا باری(128) ولەباری(128) لە لاڤاری تێمی T.B، دەگەڕێتەوە بۆ تۆنالیتەی سەرەکی( CM ) لە باری (152 - 153 ) دووبارە فێرماتە Fermata ولەباری 154 دووبارەبوونەوەی فراوانبوون ونمایشکردنەوە و کۆدە دەگەڕێتەوە سەر تۆنالیتە سەرەکیەکەی لەباری 154 لاڤاریە (CM) و لەباری ١٧١ (Coda).















**١٦. دەرئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1- ئەو سەردەمە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و گرنگترین سەردەمی موزیك، چونکە لەو سەردەمە هونەرمەند دەستکراوە وئازاد بووە لە رووی کارکردنی هونەری وهەلبژاردنی ئەو موزیکەی کە دەیەوێ ببێتە سەرچاوەی ئەفراندنی هونەرەکەی.

2- دیاری کردنی ژمارەی ژەنیارەکان وهەروەها دیاری کردنی جۆری ئامێرەکان لە ئۆرکێسترا دا.

3- گەورەکردنی ئۆرکێسترا بە ئامێری نوێ وپتەو کردن وزیاد کردنی ئامێرە ژێدارەکان( ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنیراباس) وگرنگی دان بە ئامیرە فودارەکان لە ناو ئۆرکێسترادا ڕەنگیکی تر دەدەنە ئەم سەردەمە.

4- گەشەکردن و فراوان بوونی موزیك لەسەردەمی کلاسیك زیاتر بۆ موزیکی ئامێری بوون، زۆربەی ئامێرەکان لە بواری تەکنیکیدا پێشکەوتنێکی ڕادەبەدەریان بەدەست دەهێنا.

5- ئامێری پیانۆ شوێنی ئامێری هاربسێکۆردی گرتەوە لە رووی ژەنین وتەکنیك وهەروەها فراوان بوونی مەودای میلۆدی هارمۆنیەکەی.

6- دەرکەوتنی شێوازی سۆناتەی دراما ئامێز و کە پشت دەبەستێت بە دوو ئاوازی سەرەکی کە دانەر پێشکەشیان دەکات لەماوەی سێ بەش کە (نمایش - فراوانکردن - نمایش کردنەوە). چاککراوەتەوە لە پێشووتر

7- لە سەدەمی کلاسیکدا واتە لە سالانی (1700) بە دواوەوە هەندێك نیشانەی نوێ دانران وەکو بەکارهێنانی (کرێشندۆ - دیکرێشندۆ) (crescendo , decrescendo) یان نەرمی و توندی دەنگەکان(piano - forte) بۆ دەستنیشانکردنی ویست و دەربڕینەکان وگوزرشتی موزیکی .

8- نمایشکردنی ئاهەنگی موزیکی لە دەرەوەی کۆشکەکان وکەلێساکان وە کۆنشێرتۆی تاکژەنی بە یاوەریکردنی ئۆرکێسترا وای لێهات کە پلەی یەکەم وەدەست بهێنێت لە بری کۆنشێرتۆی گرۆسۆ کە لەسەردەمی بارۆك لەو پلەیە دابوو.

9- لە سەرەتای سەردەمی موزیکی کلاسیکی دانەرەکان جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە فۆڕمی سۆناتە توانی پێگەی فۆڕمی (فوگە) بگرێتەوە وسۆناتە بوو بە فۆرمێکی سەرەکی سەردەمی کلاسیك بە رادەیەك بە سەردەمی کلاسیك دەوترا (سەردەمی سۆناتە).

10- ئەو جیاوازیانەی کە بەدی دەکرێن بۆ کارکردن لە ناو فۆرمی سۆناتادا لەلای ئەم سێ کەڵە موزیکنووسە (هایدن، مۆتزارت، بیهۆڤن) گرنگترینیان ئەوەیە کە هایدن زۆر جار لەسۆناتەکانیدا یەك ثیم (بابەت) بەکاردەهێنێت، خۆ ئەگەر هەندێك جار چەند ثیمێکیش بەکاربهێنێت ، بەشێوەیەکی گشتی هێما ئەکات بەگۆرینی بەرەو دۆمینانت ( دەنگی پێجەم ) بە دووبارەکردنەوەی ثیمی یەکەم لە دارشتنێکی نوێدا. کەچی مۆتزارت پێ ی باشترە بۆ نرخدان بەم پەرینەوەیە بۆ دۆمینانت زۆر جار ثیمێکی نوێ دادەرێژێت پاشان دەگەرایەوە هەمان بابەتی سەرەکی خۆی.مۆتزارت وەکو هایدن نەبوو کە بەپێی یاسا دەرۆیی لە رووی فۆرم و موزیك و هارمۆنی.

11- هایدن پێشەکیەکی هێواشی بەکاردەهێنا لە سیمفۆنیەکانی، بەڵام مۆتزارت زۆر بەکەمی ئەم شێوازەی بەکاردەهێنا، هەموو هێماکانی گوزارشت وداینامیکەکان لەگەڵ خەڵک دەژیا لە رێگەی بنەمای موزیکی، بەڵام هێماکانی لە لایەن مۆتزارتەوە زۆر وورد بوون.

12- مۆتزارت لە کارە موزیکیەکانی رستەی موزیکی ناسك وجوانی هەبوو، کەچی هایدن بەم شێوەیە کاری نە دەکرد. هایدن لە زۆربەی کارە موزیکیەکانی گۆرانکاری لە جێگەیەکی دەکرد کە گوێگر چاوەروانی نەدەکرد میلۆدیەکەی بگۆری لە رووی ئاواز وریتم ئەو کارە زۆر بە لێهاتووی ئەنجام دەدا، بەڵام مۆتزارت جەماوەری رادەهێنا لەپاش ئەم میلۆدیە چ دێت.

**١٧. راسپاردە:**

1- کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە موزیکی ئامێرەکان وفۆرمەکانی موزیکی جیهانی لە پەیمانگا وکۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان.

2- توێژەر بە گرنگی دەزانێ میتۆدی ئەکادیمی موزیکی جیهانی وەکو بابەتێکی چەسپێنراو لە هەر چوار قۆناغی کۆلێژی هونەرەجوانەکان بە وەردەکاییەوە بخوێندرێ.

3- هەماهەنگی نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی هونەری بۆ زیاتر ناساندن وکارکردن وشانکردنی پسپۆران بە مەبەستی ئاشنا بوون وسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وولاتە پێشکەوتوەکان لە بواری موزیکی ئامێری.

**١٨. پێشنیار:**

1- ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت لەلایەن کەسانی پسپۆر لە بواری موزیکی ئەکادیمی وبەراوردکاری، هەروەها پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیك و دام دەزگا پەیوەندی دارەکان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە سەر فۆرم وبۆتەکانی تری موزیکی لە سەردەمەکانی پێش ودوای سەردەمی کلاسیك.

3- توێژیەنەوەی فراوانتر لە سەر فۆرمی سۆناتە بکرێ بە جۆرێك کە کۆمەلێك موزسیانی سەردەمەکان بگرێتە خۆی.

**19. سەرچاوەکان:**


- **سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

1. فەرەج، غەمگین: دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك،چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2005.
2. قەرەداغی، زۆزك: ناودارانی موزیکی جیهانی، چاپی یەکەم، کوردستان-سلێمانی:2008.
3. قەرەداغی، ئەسعەد: فەرهەنگی موزیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2010.
4. محەمەد، ئومێد محێدین: چەرخ ومێژووی هونەری مۆسیکا لە ئەوروپادا،چاپی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2010.
5. ئازید، جەلیل: تیۆری موزیك(بنەما سەرەتاییەکانی موزیك، فۆرمەکانی موزیك، شێوازەکانی موزیکی کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2016.
6. یاسین، بەرزان: سەردەمی کلاسیك لە مێژوودا (هایدن، مۆتزارت، بیهۆڤن)،پاریس: 2002.

- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

1. حافظ،محمد محمود سامی، قواعد الموسیقی الغربیة و تذوقها،مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة: 1986.
2. دیڤی، سیدرك.ثورب: التالیف الموسیقی،دار المعارف بمصر- القاهرة ج.ع.م: 1965 .
3. السیسی، یوسف: دعوة إلی الموسیقی، سلسة عالم المعرفة، مطابع الأنباء، الکویت : 1981.
4. الشوان،عزیز: الموسیقی للجمیع، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مهرجان القراءة للجمیع مکتبة الاسرة:1979.
5. فرید، طارق حسون: تاریخ الفنون الموسیقیة ( عرض موجز لمراحل تطور الموسیقی العالمیة فی عصر النهضة و باروك و الکلاسیکی و الرومانتیکی ) الجزء الثانی ، بغداد: 2000.
6. فینی،ثیودور م، تاریخ الموسیقی العالمیة،ترجمة، د. سمحة الخولی، محمد جمال عبدالرحیم، الناشر دار المعرفة القاهرة: 1972.
7. کوبلاند، آرون، کیف تتذوق الموسیقا، ترجمة محمد رشاد بدران نشر بالاشتراك مع مؤسسة فرانکلین للطباعة والنشر، القاهرة، مصر: 2000.

8 . بول هنرى، لانج: الموسيقى فى الحضارة الغربية من عصر الباروك الى العصر الكلاسيكى, ترجمة, د.احمد حمدى محمود, قاهرة: 1980 .
9 . محجوب، هالة: جماليات فن الموسيقى عبر العصور، الطبعة الأولى، دار الوفاء لدنيا،الإسكندرية، 2007.
10 . المصرى، احمد:محيط الفنون، المجلد الثانى: الموسيقى، دار المعارف بمصر: 1998.
11 . المصرى، أحمد:( د – ت) العصر الكلاسيكى، الجزء الثانى ، دار المعارف بمصر .

- **وانە ووتنەوە بە زمانی کوردی:**

-1 نەهرۆ، زاگرۆس: لەوانەی مێژووی موزیکی جیهانی، وانەی خوێندنی باڵا -ماستەر، بەشی موزیك، کاتژمێر 11,30: 2012/2/18 .
-2 یاسین، بەرزان: لەوانەی مێژووی موزیکی جیهانی، پۆلی دووەمی کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیك، 14/ 10 / 2010.

- **ئینتەرنێت**

1- http://classiccomposers.forumegypt.net
2- http://en.wikipedia.org/wiki/Wolfgang_Amadeus_Mozart
3- http://ckb.wikipedia.org/wik
4- http://piano-sheet.blogspot.com/2012/02/biography-wolfgang-amadeus-mozart.html
5- http://www.souriastars.com
6- https://www.facebook.com/ZmanRyzmanWYhdhbyKwrdy/photos/a.147429462120041/337839403079045/?type=1&theater.
7- http://www.musicanthology.org) Haydn, Mozart, Beethoven, similarities & differences

**قالب سوناتا في العصر الكلاسيكي اسلوب كل من(هايدن وموتزارت): دراسة تحليلية مقارنة**

**سيروان محمد مصطفى**
كليه الفنون الجميله – قسم الموسيقى / جامعة صلاحددين-اربيل

**ملخص**

ان هذا البحث يهدف الى المتغيرات الجذرية التي حدثت في العصر الكلاسيكي من حيث كيفية التعامل مع القوالب الموسيقية عامة وقالب (السوناتا) بشكل خاص من منظور الفنانين الكبيرين (هايدن وموتسارت) وعرض وجهة نظرهما حول قالب السوناتا وكيفية صياغة الالحان عندهما والنظرة الفنية التي أمتازت بهما اعمالهما من حيث جذور الالحان في الاطار النظري. أستعرض الباحث أهم خصائص الموسيقى الكلاسيكية مع المتغيرات التي حصلت في هذا العصر من حيث التكوين الفني والبناء الموسيقي، وهنالك شرح لمفهوم القالب الموسيقي ومدى تأثيره على موسيقى ذلك العصر. وفي إجرإت البحث يستعرض الباحث أهم خطواط العمل الموسيقي للفنانين هايدن وموتسارت مع تحليل وافي لأثنين من أعمال الفنانين في قالب السوناتا وإستعراض الأختلافات في عرض وجهة نظرهما في ما يتعلق بقالب السوناتا. في الفصل الاخير يستعرض الباحث الاستنتاجات التي توصل اليها جراء ما تدمه من الدلائل والامكانيات الفنية في ذلك العصر ثم قدم المقترحات والتوصيات اللازمة لهذا البحث مع تثبيت أهم المصادر التي توافرت لانجاز هذا البحث.

**كلمات دالة:** قالب- سوناتا – اسلوب – العصر الكلاسيك – هايدن – موتزارت.

**Seerwan Mohammed Mustafa**
Department of Music - College of Fine Arts / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The ideal goal of this research is to study the radical variables that occurred in the classical era in terms of how to deal with musical genres in general, and (Sonata) in particular, as well as from the point of view of major artists such as (Hayden and Mozart). In the theoretical framework, the researcher reviewed the most important classical musical characteristics with the changes that took place in this age, in terms of artistic composition and musical construction, and there is an explanation of the concept of musical template and its impact on the music of that era, And in the researcher reviewed the most important steps of the musical work of Hayden and Mozart, with an analysis of the work of Sonata artists and review the differences in their view of Sonata. In the last chapter, the researcher reviewed the conclusions he reached as a result of the evidence and the technical capabilities of the age. Then the researcher presented the suggestions and recommendations for this research with emphasis on the most important sources available for accomplishing this research.

**Keywords:** term, Sonata, classical era, style, Hayden, Mozart.